بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

الر تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ الْمُبِينِ (1)

لەسەرەتای سوورەتی (البقرة)دا ڕوونکراوەتەوە، ئەم ئایەتانەی (کە ڕەوانەمان کردووە لەم سورەتەدا) بەشێکە لەو قورئانە ڕوون و ئاشکرایە.

إِنَّا أَنزَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ (2)

ئێمە ئەم ئایەتانەمان دابەزاندووە لە شێوەی قورئانێکی پاراودا بە زمانی عەرەبی بەڵکو لێی تێبگەن و ژیریتان بخەنە کار.

نَحْنُ نَقُصُّ عَلَيْكَ أَحْسَنَ الْقَصَصِ بِمَا أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ هَذَا الْقُرْآنَ وَإِن كُنتَ مِن قَبْلِهِ لَمِنَ الْغَافِلِينَ (3)

ئێمە چاکترین چیرۆک و بەسەرهاتت بۆ دەگێڕینەوە (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) لە ڕێگەی (وحی)و نیگامانەوە، لەشێوەی ئەم قورئانەدا، هەرچەندە تۆ پێش ئەم باسە لەم بەسەرهاتە بێ ئاگا بووی.

إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ (4)

باسی ئەوە بکە: کاتێ یوسف بە باوکی وت: باوکی (بەڕێزم) من لە خەونمدا بینیم کە یانزە ئەستێرەو خۆرو مانگیش کڕنووشیان بۆ من برد.

قَالَ يَا بُنَيَّ لاَ تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُواْ لَكَ كَيْدًا إِنَّ الشَّيْطَانَ لِلإِنسَانِ عَدُوٌّ مُّبِينٌ (5)

(باوکی)وتی: ڕۆڵە گیان خەوەکەت مەگێڕەوە بۆ براکانت (نەوەکو) فێڵێکت لێ بکەن و تووشی بەڵایەکت بکەن (چونکە ئەم خەوە داهاتوویەکی بڵند بۆ تۆ دەگەیەنێت، ئەوانیش حەسودیت پێ دەبەن) بەڕاستی شەیتانیش دوژمنێکی ئاشکرای ئادەمیزادە.

وَكَذَلِكَ يَجْتَبِيكَ رَبُّكَ وَيُعَلِّمُكَ مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ وَيُتِمُّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَعَلَى آلِ يَعْقُوبَ كَمَا أَتَمَّهَا عَلَى أَبَوَيْكَ مِن قَبْلُ إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ إِنَّ رَبَّكَ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (6)

بەم شێوەیە خوای پەروەردگار تۆی دیاری کردووە (ئەی یوسف) وە ئامادەی کردوویت بۆ پێغەمبەرێتی، وە لێکدانەوەی خەوت فێر دەکات و نیعمەت و پلەو پایەی بەرزی دنیاو قیامەتت بۆ تەواو دەکات، هەروەها بۆ نەوەکانی یەعقوب هەروەك نیعمەت و پلەو پایەی بڵندی بەخشی بە باوانت (ئیبراهیم و ئیسحاق) بەراستی خوای پەروەردگارت زۆر زاناو دانایە.

لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِّلسَّائِلِينَ (7)

بێگومان لەم ڕووداوەی یوسف و براکانیدا نیشانەی پێغەمبەرێتی محمدی تیایە بۆ کەسانێ کە پرسیار بکەن لەو بارەیەوەو (بەشوێن ڕاستی پێغەمبەرێتی تۆدا بگەڕێن).

إِذْ قَالُواْ لَيُوسُفُ وَأَخُوهُ أَحَبُّ إِلَى أَبِينَا مِنَّا وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّ أَبَانَا لَفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (8)

کاتێ براکانی یوسف وتیان: بەڕاستی یوسف و براکەی (بنیامین) لای باوکمان، لە ئێمە نازدارترن و زیاتر لە ئێمە گرنگییان پێ دەدا، لە حاڵێکا ئێمە کۆمەڵێکی بەهێزین، بەڕاستی باوکمان لەسەرلێشێواوییەکی ئاشکرادایە.

اقْتُلُواْ يُوسُفَ أَوِ اطْرَحُوهُ أَرْضًا يَخْلُ لَكُمْ وَجْهُ أَبِيكُمْ وَتَكُونُواْ مِن بَعْدِهِ قَوْمًا صَالِحِينَ (9)

(لەنێوان خۆیاندا هەندێکیان وتیان) یوسف بکوژن، یان فڕێی بدەنە شوێن و زەویەکی دوور، ئەوکاتە ڕووی باوکتان یەکلایی دەبێتەوە بۆ ئێوەو خۆشەویستییەکەی هەمووی بۆ ئێوە دەبێت، ئینجا دوای نەمانی یوسف ببنە کوڕو کەسانێکی چاك و ڕێك و پێك.

قَالَ قَآئِلٌ مَّنْهُمْ لاَ تَقْتُلُواْ يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِن كُنتُمْ فَاعِلِينَ (10)

یەکێك لە براکانی یوسف وتی: یوسف مەکوژن، بەڵکو بیخەنە ناو بیرێکی قوڵەوە دوایی کاروان دێت و دەیدۆزنەوەو دەیبەن، ئەگەر بڕیار بێ هەر شتێکی لێ بکەن.

قَالُواْ يَا أَبَانَا مَا لَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ (11)

(ئەوجا هاتنە لای باوکیان و) وتیان: باوکە بۆچی لە ئێمە دڵنیا نیت لەبارەی یوسفەوە بەڕاستی ئێمە زۆر دڵسۆزی ئەوین.

أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (12)

بەیانی بینێرە لەگەڵمان با گەمەو یاری بکات و بای باڵی بدات، بێگومان زۆر پارێزگاری دەکەین و ئاگامان  لێی دەبێت.

قَالَ إِنِّي لَيَحْزُنُنِي أَن تَذْهَبُواْ بِهِ وَأَخَافُ أَن يَأْكُلَهُ الذِّئْبُ وَأَنتُمْ عَنْهُ غَافِلُونَ (13)

باوکیان وتی: من زۆر  غەمناك دەبم کە ئێوە یوسف بەرن، دەترسم گورگ بیخوات و ئێوە گوێی نەدەنێ و بێ ئاگا بن لێی.

قَالُواْ لَئِنْ أَكَلَهُ الذِّئْبُ وَنَحْنُ عُصْبَةٌ إِنَّا إِذًا لَّخَاسِرُونَ (14)

وتیان: ئەگەر بێت و یوسف گورگ بیخوات، ئێمەش کۆمەڵێکی ئاوا بەهێز لەگەڵیدا بین، بەڕاستی ئێمە زۆر خەسارەتمەندین.

فَلَمَّا ذَهَبُواْ بِهِ وَأَجْمَعُواْ أَن يَجْعَلُوهُ فِي غَيَابَةِ الْجُبِّ وَأَوْحَيْنَآ إِلَيْهِ لَتُنَبِّئَنَّهُم بِأَمْرِهِمْ هَذَا وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ (15)

کاتێ یوسفیان بردو هەموو هاتنە سەر ئەو بڕیارەی کە بیخەنە ناو بیرەکەوە لەو کاتەدا (وحی)مان بۆ نارد کە هەواڵی ئەم بەسەرهاتە لە ئایندەدا بە براکانت دەدەیت، کاتێ ئەوان ئاگایان لەخۆیان نابێت و لەبیریان چۆتەوە.

وَجَاؤُواْ أَبَاهُمْ عِشَاء يَبْكُونَ (16)

ئەمجا هاتنە لای باوکیان کاتی ئێوارەو بەدەم گریانەوە.

قَالُواْ يَا أَبَانَا إِنَّا ذَهَبْنَا نَسْتَبِقُ وَتَرَكْنَا يُوسُفَ عِندَ مَتَاعِنَا فَأَكَلَهُ الذِّئْبُ وَمَا أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لِّنَا وَلَوْ كُنَّا صَادِقِينَ (17)

وتیان: باوکە ئێمە ڕۆیشتین پێشبڕکێمان کردو (یوسف)مان لای کەل و پەلەکەمان بەجێهێشت، گورگ (پەلاماری داو) خواردی، بەڵام تۆ بڕوامان پێ ناکەیت هەرچەندە ڕاستگۆش بین.

وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ (18)

براكانى هەندێ خوێنى درۆينەيان دابوو لە كراسەكەى، (باوكيان) وتى: واديارە خۆتان شتێكتان لەژێر سەردايە، چارم تەنها خۆگريى و ئارامگرتنە بەجوانى، (داواكارم) خوا كۆمەكيم بكات بەرانبەر ئەو باسەى ئێوە دەيكەن.

وَجَاءتْ سَيَّارَةٌ فَأَرْسَلُواْ وَارِدَهُمْ فَأَدْلَى دَلْوَهُ قَالَ يَا بُشْرَى هَذَا غُلاَمٌ وَأَسَرُّوهُ بِضَاعَةً وَاللّهُ عَلِيمٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (19)

كاروانێ هات و ئاوهێنەرەكەيان نارد ئاو بێنێ، (ئەويش چووە سەر بيرەكە، سەتڵەكەى داهێشتە ناو بيرەكەو كاتێ هێنايە سەرەوە لەجياتى ئاو يوسف هاتەدەرەوە، كاتێک كابرا بينى)، وتى: مژدە بێت ئەمە منداڵێكە (ئەوسا هەر منداڵێ بدۆزرايەتەوە دەكرا بە بەندەو دەفرۆشرا) ئەم باسەيان شاردەوەو كرديانە كەرەسەى فرۆشتن، خواى گەورەش زاناو ئاگايە بەكارو كردەوەيان.

وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُواْ فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ (20)

سەرئەنجام (برديان و) فرۆشتيان لەبازاڕى كۆيلە فرۆشەكاندا لە ميسر بە نرخێكى هەرزان، چەند درهەمێكى كەم، لە فرۆشتنيدا هيچ گرنگيیان پێ نەدا، چونكە پشتيان پێوەى نەئێشابوو.

وَقَالَ الَّذِي اشْتَرَاهُ مِن مِّصْرَ لاِمْرَأَتِهِ أَكْرِمِي مَثْوَاهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَكَذَلِكَ مَكَّنِّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ وَلِنُعَلِّمَهُ مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ وَاللّهُ غَالِبٌ عَلَى أَمْرِهِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (21)

ئەوەى كە يوسفى كڕى، بەخێزانەكەى وت: ڕێزى ئەم لاوە بگرەو شوێن و جێگەى بۆ ئامادە بكە، بەڵكو سوودمان پێ بگەيەنێ يان بيكەينە كوڕى خۆمان، ئا بەم شێوەيە جێگەمان خۆش كرد بۆ يوسف لەم دنيادا وە فەرمانەكانى خۆيا بەڵام زۆربەى خەڵكى بەمە نازانن.

وَلَمَّا بَلَغَ أَشُدَّهُ آتَيْنَاهُ حُكْمًا وَعِلْمًا وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ (22)

كاتێك يوسف گەورە بوو، عەقڵ و بيرو هۆشى بەهێز بوو، پلەى پێغەمبەرێتى و شارەزايى باشمان پێ بەخشى، هەر بەو شێوەيە پاداشتى چاكەخوازان دەدەينەوە.ئەو ئافرەتەى كە يوسف لەماڵى دابوو هەوڵى دا لە خشتەى ببات و

(تووشی گوناهی بکا)، هەموو قاپییەکانی داخست و وتی: من خۆم بۆ تۆ ئامادەکردووەو شێت و شەیدای تۆم، یوسف وتی: پەنا دەگرم بە خوا (کاری وا ناکەم) چونکە (پەروەردگارم) دەرووی لێ کردوومەتەوە، هەروەها (مێردەکەت) چاك ڕەفتار بووە بۆم (چۆن خیانەتی لێ دەکەم)، چونکە من دڵنیام ستەمکاران سەرفەراز نابن.

وَرَاوَدَتْهُ الَّتِي هُوَ فِي بَيْتِهَا عَن نَّفْسِهِ وَغَلَّقَتِ الأَبْوَابَ وَقَالَتْ هَيْتَ لَكَ قَالَ مَعَاذَ اللّهِ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ إِنَّهُ لاَ يُفْلِحُ الظَّالِمُونَ (23)

چونکە بێگومان (شاژن) ویستی پەلاماری بداو مەست و حەیرانی بوو، (یوسف)یش گیری خواردبوو بەدەستیەوەو (هەر ئامۆژگاری دەکرد)، ئەگەر بەڵگەی ئیمانی لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەست پێنەکردایەو سزای دۆزەخ نەهاتایەتە بەرچاوی، بەو شێوەیە (بەهۆی ئیمانی دامەزراوەوە) هەرچی گوناهو تاوان و خراپەیە لێی بەدوور دەگرین، بەڕاستی ئەو لە بەندە هەڵبژاردەو پاکەکانی ئێمەیە.

وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلا أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ (24)

بێگومان (شاژن) ویستی پەلاماری بداو مەست و حەیرانی بوو، (یوسف)یش گیری خواردبوو بەدەستیەوەو (هەر ئامۆژگاری دەکرد)، ئەگەر بەڵگەی ئیمانی لە دڵ و دەروونی خۆیدا هەست پێ نەکردایەو سزای دۆزەخ نەهاتایەتە بەرچاوی، بەو شێوەیە (بەهۆی ئیمانی دامەزراوەوە) هەرچی گوناهو تاوان و خراپەیە لێی بەدوور دەگرین، بەڕاستی ئەو لە بەندە هەڵبژاردەو پاکەکانی ئێمەیە.

وَاسُتَبَقَا الْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ قَالَتْ مَا جَزَاء مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوَءًا إِلاَّ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (25)

سەرئەنجام یوسف بە پەلە ڕای کرد بەرەو دەرگاکەو زلێخاش بەشوێنیا (توانی دەستی لە کراسەکەی گیر بکات) بەدەستیەوە دڕا، لەبەردەمی قاپیەکەدا تووشی مێردەکەی هاتن، (خێرا شاژن هاتە گفت و ویستی یوسف تاوانبار بکات بۆیە) وتی: باشە ئاخۆ سزای ئەو کەسە چیە کە بیەوێ دەستدرێژی بکاتە سەر خێزانەکەت و بیەوێ خراپەی لەگەڵدا بکات مەگەر بەند بکرێت، یان سزایەکی بەئێش بدرێ.

قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَن نَّفْسِي وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الكَاذِبِينَ (26)

يوسف وتی: (نەخێر وانيه) ئەو ويستی لە خشتەم بەرێ، ئەو ويستی گوناهم پێ بگات، (يەكێك لە) خزمانی شاژن (كە گوێی لە بەسەرهاتەكە بوو، دیاربوو كە پیاوێكی دنیا دیده بوو) شايەتی داو وتی: ئەگەر كراسەكەی كراسەكەی يوسف لە پێشەوە دڕابێ ئەوە (شاژن) ڕاست دەكات و يوسف لە ڕيزی درۆزناندايه.

وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِن الصَّادِقِينَ (27)

بەڵام ئەگەر كراسەكەی لە پشتەوە دڕا بێ ئەوە شاژن درۆ دەكات و يوسف لە ڕيزی ڕاستگۆياندايه.

فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ (28)

(كاتێ شا) بينی كراسەكەی يوسف لە پشتەوە دڕاوه، بە (شاژنی) وت: بەڕاستی ئەمە پيلان و نەخشەی خۆتانه، بەڕاستی فێڵ و تەڵەكەو نەخشەو پيلانی ئێوە زۆر گەورەيه.

يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ (29)

ئەوجا ڕووی كردە يوسف و وتی: ئەی يوسف: ئەم باسه فەرامۆش بكەو گوێی مەدەرێ، تۆش (ئەی زوڵێخا) داوای لێخۆش بوون و لێبوردن بكە لە هەڵەو تاوانەكەت چونكە بەڕاستی تۆ لە گوناهباران و بەهەڵەچواندايت.

وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (30)

(ژنانێك لە ئافرەتانی ناو شار ئەم دەنگ و باسەيان بيست بۆيه) وتيان: (سەيره) ژنەكەی پاشا لاوەكەی خۆی بەگير هێناوەو خۆشەويستی هەموو دڵ و دەروونی داگيركردووه، بەڕاستی ئێمە بە ئافرەتێكی سەرلێشێواوی ئاشكرای دەبينين.

فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ (31)

کاتێ کە شاژن هەواڵی قسەو گوفتاریانی بیست، ناردی بەشوێنیانداو جێگەیەکی خۆشی بۆ ئامادەکردن، هەریەکەیان چەقۆیەکی دایە دەستی (بۆ میوە قاش کردن) (ئینجا فەرمانیدا بە یوسف و) وتی: ئادەی وەرە دەرەوە بۆلایان (با بتبینن)، کاتێ کە بینیان لاوێکی زۆر ڕێك و پێکە، (مەست و حەیران بوون) و دەستی خۆیان بڕی و وتیان: پاکیی و بێگەردیی و دووری لە هەموو کەم و کورییەك شایستەی خوایە، ئەم (لاوە) بەشەر نیە (ئەوەندە جوان و قەشەنگە)، ئەم (لاوە) هەر فریشتەیەکی قەشەنگ و جوان و پیرۆزە.

قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسَتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ الصَّاغِرِينَ (32)

(شاژن) وتی: ئا ئەم (لاوە) کە ئێوە لۆمەی من دەکەن لەسەری (ئەوەیە ئێوەش مەست و حەیرانی بوون)، بێگومان من هەوڵم دا لە خشتەی بەرم، بەڵام ئەو خۆی گرت و خۆی پاراست و دوورەپەرێز بوو، خۆ ئەگەر ئەوەی من دەمەوێ نەیکات، ئەوە بەڕاستی دەبێ بەند بکرێ و دەبێ زەلیل ببێ.

قَالَ رَبِّ السِّجْنُ أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا يَدْعُونَنِي إِلَيْهِ وَإِلاَّ تَصْرِفْ عَنِّي كَيْدَهُنَّ أَصْبُ إِلَيْهِنَّ وَأَكُن مِّنَ الْجَاهِلِينَ (33)

(یوسف کە ئەمەی بیست لەبەرخۆیەوە) وتی: پەروەردگارا من زیندانیم لا خۆشترە لەوەی ئەمانە لەمنیان دەوێ، جا ئەگەر فێڵ و تەڵەکەی ئەمانە ڕزگارم نەکەیت و لە پیلان و نەخشەکانیان دەربازم نەکەیت لەوانەیە منیش مەیلم بۆ دروست ببێ و بە ئارەزوویان بکەم و دواییش بچمە ڕیزی نەفام و گوناهبارانەوە.

فَاسْتَجَابَ لَهُ رَبُّهُ فَصَرَفَ عَنْهُ كَيْدَهُنَّ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (34)

پەروەردگاری بەهانایەوە چوو (نزاکەی گیرا کرد)و لە تەڵەکەو فێڵی ژنان پاراستی، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەری نزاکانەو زانایە (بە دڵ و دەروونەکان).

ثُمَّ بَدَا لَهُم مِّن بَعْدِ مَا رَأَوُاْ الآيَاتِ لَيَسْجُنُنَّهُ حَتَّى حِينٍ (35)

پاشان، دوای ئەوەی کە بەڵگەی زۆریان دەستکەوت (لەسەر پاکیی یوسف، وایان بەچاک زانی) تا ماوەیەك بەندی بکەن.

وَدَخَلَ مَعَهُ السِّجْنَ فَتَيَانَ قَالَ أَحَدُهُمَآ إِنِّي أَرَانِي أَعْصِرُ خَمْرًا وَقَالَ الآخَرُ إِنِّي أَرَانِي أَحْمِلُ فَوْقَ رَأْسِي خُبْزًا تَأْكُلُ الطَّيْرُ مِنْهُ نَبِّئْنَا بِتَأْوِيلِهِ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (36)

ئەوسا دوو لاوی تریش لەگەڵ یوسف دا خرانە بەندیخانەوە، یەکێکیان (خەوێکی بینی بوو) وتی: من لەخەونمدا (میوەم) دەگوشی و شەرابم لێ دروست دەکرد، ئەوی تریان وتی: من لە خەومدا بینیم کە نان لەسەر سەرمەو باڵندە لێی دەخوات، ئەم خەوانەمان بۆ لێکبدەرەوە ئێمە دەبینین تۆ لاوچاکیت و (شارەزای لە لێکدانەوەی خەودا).

قَالَ لاَ يَأْتِيكُمَا طَعَامٌ تُرْزَقَانِهِ إِلاَّ نَبَّأْتُكُمَا بِتَأْوِيلِهِ قَبْلَ أَن يَأْتِيكُمَا ذَلِكُمَا مِمَّا عَلَّمَنِي رَبِّي إِنِّي تَرَكْتُ مِلَّةَ قَوْمٍ لاَّ يُؤْمِنُونَ بِاللّهِ وَهُم بِالآخِرَةِ هُمْ كَافِرُونَ (37)

یوسف وتی: (جگە لەوەش) هیچ خواردنێکتان بۆ نایەت و هیچ ڕۆزییەتان پێ ناگات کە من نەزانم چییەو چۆنە پێش ئەوەی بگاتە لاتان (ئەمەش ئازایەتی خۆم نیە) بەڵکو ئەو شتانە پەروەردگارم فێری کردووم، (وە بزانن) کە من بەرنامەی قەومێکم واز لێهێناوە کە باوەڕیان بە خوا نیە، هەروەها بڕوایان بە قیامەتیش نیە.

وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَآئِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ مَا كَانَ لَنَا أَن نُّشْرِكَ بِاللّهِ مِن شَيْءٍ ذَلِكَ مِن فَضْلِ اللّهِ عَلَيْنَا وَعَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَشْكُرُونَ (38)

بەڵکو شوێنی ئاین و بەرنامەی باوانم ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب کەوتووم، هەرگیز ڕەوا نیە بۆ ئێمە هیچ جۆرە شتێك بکەینە هاوەڵ و شەریك بۆ خوا، ئەمەش فەزڵ و ڕێزی (تایبەتی) خوایی یە لەسەر ئێمەو لەسەر خەڵکیش، بەڵام (بەداخەوە) زۆربەی خەڵکی سوپاسگوزار نین.

يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَأَرْبَابٌ مُّتَفَرِّقُونَ خَيْرٌ أَمِ اللّهُ الْوَاحِدُ الْقَهَّارُ (39)

(ئەوسا ڕووی کردەوە هاوەڵانی بەندیخانەم: ئایا (باوەڕمان) بە کۆمەڵێك خوای هەمەجۆرو جیاواز (هەبێت چاکترە) یاخود تەنها و بەدەسەڵات و بەتواناو بەهێز هەبێت.

مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِ إِلاَّ أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (40)

هەرچی ئەو شتانەی ئێوە دەیپەرستن جگە لەوەی بریتین لە شتانێك كە خۆتان و باوانتان ناوتان لێناون، هەرگیز خوا بەوە ڕازی نیەو، هیچ بەڵگەیەكیشی ڕەوانە نەكردووە لەسەر پەسەند كردنیان، بەڕاستی حوكم و فەرمانڕەوایی تەنها شایستەی خوایە، فەرمانیشی داوە تەنها هەر خۆی بپەرستن، هەر ئەوەشە ئاین و بەرنامەی پەسەند و ڕاست و دروست و بەنرخ، بەڵام زۆربەی خەڵكی ئەم ڕاستیانە نازانن و لێی بێ ئاگان.

يَا صَاحِبَيِ السِّجْنِ أَمَّا أَحَدُكُمَا فَيَسْقِي رَبَّهُ خَمْرًا وَأَمَّا الآخَرُ فَيُصْلَبُ فَتَأْكُلُ الطَّيْرُ مِن رَّأْسِهِ قُضِيَ الأَمْرُ الَّذِي فِيهِ تَسْتَفْتِيَانِ (41)

ئەی هاوەڵانی بەندیخانەم، ئەوەتان (كە لە خەویدا میوەی دەگوشی بۆ شەراب) ئەوە دەبێتە (ساقی پاشاو) شەرابی پێشكەش دەكات، بەڵام ئەوەی تریتان لە خاچ دەدرێ و باڵندە لەسەرو ڕوخساری دەخۆن، ئیتر ئەمەش وەڵامی (لێكدانەوەی خەوەكانتانەو) هەر ئەوە چاوەڕوان دەكرێت كە پێش بێت.

وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِّنْهُمَا اذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ (42)

ئینجا یوسف بەوكەسەیانی وت كە گومانی وابوو ڕزگار دەبێ و (دەبێتە ساقی پاشا) یادی منت بیر نەچێ لای پاشات و باسم بكە (كە بەبێ تاوان من بەند كراوم)، بەڵام شایتان بیری كابرای بردەوە كە لەلای پاشا باسی بكات، ئیتر چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا مایەوە.

وَقَالَ الْمَلِكُ إِنِّي أَرَى سَبْعَ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعَ سُنبُلاَتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ يَا أَيُّهَا الْمَلأُ أَفْتُونِي فِي رُؤْيَايَ إِن كُنتُمْ لِلرُّؤْيَا تَعْبُرُونَ (43)

(ڕۆژێك پاشا خەوێكی سەیری بینی و بوو بە مەراقی لە كۆبونەوەیەكدا) وتی: من (لە خەونمدا) بینیم كە حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مانگای لەڕو لاوازەوە خوران، حەوت گوڵە (گەنمی) سەوزو جوانم بینی هەروەها حەوتی تریش كە وشك بوون، ئەی خەڵكینە ئەم خەوەم بۆ لێك بدەنەوە ئەگەر لێكدانەوەی خەو دەزانن.

قَالُواْ أَضْغَاثُ أَحْلاَمٍ وَمَا نَحْنُ بِتَأْوِيلِ الأَحْلاَمِ بِعَالِمِينَ (44)

(خەڵكەكە) وتیان: ئەم خەوە بێ سەرو بنەو (هیچ نیە) ئێمەش لە لێكدانەوەی خەو نازانین.

وَقَالَ الَّذِي نَجَا مِنْهُمَا وَادَّكَرَ بَعْدَ أُمَّةٍ أَنَا أُنَبِّئُكُم بِتَأْوِيلِهِ فَأَرْسِلُونِ (45)

(ئینجا کابرا) بیری کەوتەوە دوای ئەو هەموو ماوەیەو وتی: من هەواڵی (لێکدانەوەی ئەو خەوەتان) پێ ڕادەگەیەنم داواکارم ڕەوانەم بکەن.

يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ وَسَبْعِ سُنبُلاَتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَعْلَمُونَ (46)

(ساقی چوو بۆ بەندیخانە بۆ دیداری و وتی:) یوسف، ئەی ڕاستگۆ (ئەم خەوەمان) بۆ لێك بدەرەوە: حەوت مانگای قەڵەو لەلایەن حەوت مانگای لەڕو لاوازەوە خوراون (لە خەونی پاشادا)، هەروەها حەوت گوڵە (گەنمی) سەوزو جوان و حەوتی تری وشک، بەڵکو بگەڕێمەوە بۆلای (پاشا) و خەڵکی (تا نرخی تۆ) بزانن و (قەدرت بزانن و ئازادت بکەن).

قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي سُنبُلِهِ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تَأْكُلُونَ (47)

یوسف وتی: حەوت ساڵی بەردەوام کشتوکاڵ دەکەن و دانەوێڵە دەچێنن، ئەوەی کە دروێنەتان کردو (لێتان زیاد بوو) بە گوڵەکەیەوە بیهێڵنەوە، مەگەر ئەو کەمەی کە دەیخۆن (دانەوێڵە بە گوڵەکەیەوە هەڵدەگیرێت لە کرم و ئەسپێ و زایەبوون بەدوور دەبێت).

ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلاَّ قَلِيلاً مِّمَّا تُحْصِنُونَ (48)

پاشان حەوت ساڵی گرانی و سەختی پێش دێت، ئەوەی کە زەخیرەتان کردووە بۆ ئەو ساڵانە هەمووی دەخۆن، مەگەر کەمێکی نەبێ کە هەڵیدەگرن (بۆ تۆو).

ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَلِكَ عَامٌ فِيهِ يُغَاثُ النَّاسُ وَفِيهِ يَعْصِرُونَ (49)

لەوەودوا ساڵێکی تر دێت کە خەڵکی بەرووبومی زۆریان پێ دەبەخشرێت (میوە) دەگوشن و (شەربەتی لێ دروست دەکەن).

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ فَلَمَّا جَاءهُ الرَّسُولُ قَالَ ارْجِعْ إِلَى رَبِّكَ فَاسْأَلْهُ مَا بَالُ النِّسْوَةِ اللاَّتِي قَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ إِنَّ رَبِّي بِكَيْدِهِنَّ عَلِيمٌ (50)

(ساقی گەڕایەوە بۆلای پاشاو لێکدانەوەکەی یوسفی بۆباس کرد، زۆری بەدڵ بوو بۆیە) وتی: ئادەی بچە بۆم بێنن، کاتێ کە ڕەوانەکراوەکەی پاشا گەیشتە لای

یوسف و (وتی: پاشا داوات دەکات، یوسف) وتی: بگەڕێوە بۆلای پاشاو (پێی بڵێ) هۆی چێ بوو ئەو ئافرەتە (کاتی خۆی) دەستی خۆیان بڕی و بریندایان کرد (ئایا من هیچ تاوانێکم لەوەدا هەیە؟!) بەڕاستی هەر پەروەردگارم ئاگایە لە فێڵ و تەڵەکەو پیلانیان.

قَالَ مَا خَطْبُكُنَّ إِذْ رَاوَدتُّنَّ يُوسُفَ عَن نَّفْسِهِ قُلْنَ حَاشَ لِلّهِ مَا عَلِمْنَا عَلَيْهِ مِن سُوءٍ قَالَتِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ الآنَ حَصْحَصَ الْحَقُّ أَنَاْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ وَإِنَّهُ لَمِنَ الصَّادِقِينَ (51)

(پاشان هەموو ئەو ئافرەتانەی کۆ کردەوەو پێی وتن): ئەو ڕووداوە چی بوو، چی پێش هاتبوو کەوا ئێوە ویستتان یوسف لە خشتە بەرن (ئایا ئەو هیچ تاوانێکی هەبوو؟)، هەموو وتیان: پەنا بەخوا (ئێمە بوختانی بۆ بکەین) ئێمە هیچ جۆرە هەڵەو ناشرینیەکمان لێ نەدیووە، (شاژنیش) وتی: ئێستا ئیتر حەق ڕوون و ئاشکرایەو (دەبێ دان بەڕاستیدا بنێم)، خەتای من بوو دەمویست لە خشتەی بەرم، یوسف ڕاست دەکاو (پاک و بێتاوانە).

ذَلِكَ لِيَعْلَمَ أَنِّي لَمْ أَخُنْهُ بِالْغَيْبِ وَأَنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي كَيْدَ الْخَائِنِينَ (52)

(ئینجا یوسف) وتی: با پاشا چاک بزانێ و دڵنیا بێ کە من لە نهێنیدا خیانەتم لێ نەکردووە، چونکە بەڕاستی خوا فێڵ و تەڵەکەی خیانەتکاران سەرکەوتوو ناکات.

(یاخود زولێخا وتی:) تا یوسف دڵنیا بێ لە نهێنیداو (کە ئەو لێرە نیە) خیانەتی لێ ناکەم و بوختانی بۆ هەڵنابەستم، چونکە (بۆم دەرکەوتووە) کە خوا فێڵ و تەڵەکەی خیانەتکاران سەرکەوتوو ناکات.

وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلاَّ مَا رَحِمَ رَبِّيَ إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَّحِيمٌ (53)

(دەشکرێت یوسف یان زولێخا وتبێتی) منیش نەفسی خۆم بەری ناکەم، چونکە نەفسی (ئینسان، ئەگەر بە نووری خواناسی ئاوەدان نەبێت) بەڕاستی فەرمان بە گوناهو هەڵەو تاوان دەدات، مەگەر پەروەردگارم بەڕەحم و میهرەبانی خۆی (فریاکەوێت)، بەڕاستی پەروەردگارم لێخۆشبوو و میهرەبانە (چاوپۆشی دەکات لە هەڵەو کەموکوڕیی بەندەکان).

وَقَالَ الْمَلِكُ ائْتُونِي بِهِ أَسْتَخْلِصْهُ لِنَفْسِي فَلَمَّا كَلَّمَهُ قَالَ إِنَّكَ الْيَوْمَ لَدَيْنَا مِكِينٌ أَمِينٌ (54)

(ئەوسا پاشا کە ڕاستیەکەی بە تەواوی بۆ دەرکەوت ئەوەندەی تر یوسفی لا بەڕێزو بەنرخ بوو بۆیە) فەرمانیداو وتی: ئادەی بچن بۆم بێنن، ئەم (لاوە پاکە ژیرە زانایە) دەبێ هەر لای خۆم بێ و لە نزیکانی من بێ، کاتێ کە (هاتو) قسەیان پێکەوە کرد، پاشا وتی: ئەمڕۆ ئیتر تۆ لەلای ئێمە دەسەڵاتت هەیە، بەتەواویی لێت دڵنیاین و (جێگەی ڕازی ئێمەیت).

قَالَ اجْعَلْنِي عَلَى خَزَآئِنِ الأَرْضِ إِنِّي حَفِيظٌ عَلِيمٌ (55)

(یوسف) وتی: (حەزدەکەم) بمکەیت بە لێپرسراوی سامانی سەرزەوی (ئەم وڵاتە) (چونکە من لەخۆم ڕادەبینم) کە شت بپارێزم و زاناشم کە جۆن دەیپارێزم (دیارە کە ویستویەتی لە ڕێگەی دادپەروەریی و گرنگیدان بە ڕزق و ڕۆزیی جێگەی خۆی بکاتەوە لەدڵی ئەو خەڵکەدا تا بانگیان بکات بۆ خواناسی و سەرفەرازیی هەردوو جیهان).

وَكَذَلِكَ مَكَّنِّا لِيُوسُفَ فِي الأَرْضِ يَتَبَوَّأُ مِنْهَا حَيْثُ يَشَاءُ نُصِيبُ بِرَحْمَتِنَا مَن نَّشَاء وَلاَ نُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (56)

ئا بەو شێوەیە یوسفمان جێگیرو پایەدار کرد لە زەویدا، هەر پلەو پایەیەکی دەویست، دەستی دەکەوت و بۆی دەلوا، هەرکەسێ (هەر دەستیەك) بمانەوێت بەهرەوەری دەکەین لە ڕەحمەت و بەخششەکانمان، وە پاداشتی چاکەکاران بەزایە نادەین.

وَلَأَجْرُ الآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ آمَنُواْ وَكَانُواْ يَتَّقُونَ (57)

بێگومان پاداشتی ئەو جیهان (لە بەهەشتی بەریندا) چاکترە بۆ ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوەو پارێزکارو خۆپارێز بوون (لە گوناه).

وَجَاء إِخْوَةُ يُوسُفَ فَدَخَلُواْ عَلَيْهِ فَعَرَفَهُمْ وَهُمْ لَهُ مُنكِرُونَ (58)

(ساڵانی گرانی هاتە پێشەوە) براکانی یوسف (هاتن بۆ میسر) چوونە دیوانی، ئەو ئەوانی ناسیەوە، بەڵام ئەوان ئەمیان نەناسیەوە.

وَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ قَالَ ائْتُونِي بِأَخٍ لَّكُم مِّنْ أَبِيكُمْ أَلاَ تَرَوْنَ أَنِّي أُوفِي الْكَيْلَ وَأَنَاْ خَيْرُ الْمُنزِلِينَ (59)

(ئەویش ڕێزی گرتن و دواندنی و پێی دەرخستن کە برایەکی باوکییان هەیەو نەیانهێناوە لەبەرئەوە) کاتێ بارگەو بنەیانی بۆ پێچانەوە وتی: من حەز دەکەم ئەو برا باوکیەشتانم بۆ بێنن، مەگەر نابینن من چۆن کێشانەو پێوانەم تێرو تەواوەو، چۆن ڕێز لە (میوان) دەگرم.

فَإِن لَّمْ تَأْتُونِي بِهِ فَلاَ كَيْلَ لَكُمْ عِندِي وَلاَ تَقْرَبُونِ (60)

ئەگەر (ئەو کوڕەم) بۆ نەهێنن، ئەوە ئیتر موعامەلەو کێشانەو پێوانەی ئێوە لای من نیە، هەر نزیکیشم نەکەون و نەیەن بەم ناوەدا.

قَالُواْ سَنُرَاوِدُ عَنْهُ أَبَاهُ وَإِنَّا لَفَاعِلُونَ (61)

(لەوەڵامیدا) وتیان: ئێمە بە جۆرەها شێوە هەوڵ دەدەین باوکی ڕازی بکەین (ئەمجارە دەیهێنین)، ئەو کارەش دەکەین.

وَقَالَ لِفِتْيَانِهِ اجْعَلُواْ بِضَاعَتَهُمْ فِي رِحَالِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَعْرِفُونَهَا إِذَا انقَلَبُواْ إِلَى أَهْلِهِمْ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ (62)

(لە فرسەتێکدا یوسف بە) لاوەکانی بەردەستی وت: هەرچی شتومەك و کەلوپەلیان هێناوە بیخەنە ناو بارەکانیان، بەڵکو بیناسنەوە کاتێ دەگەرێنەوە بۆلای کەس وکاریان بەڵکو (ببێتە هاندەرێك و) بێنەوە.

فَلَمَّا رَجِعُوا إِلَى أَبِيهِمْ قَالُواْ يَا أَبَانَا مُنِعَ مِنَّا الْكَيْلُ فَأَرْسِلْ مَعَنَا أَخَانَا نَكْتَلْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ (63)

کاتێ کە گەڕانەوە بۆلای (ماڵ و حاڵ و) باوکیان وتیان: باوکی بەرێزمان کێشان و پێوانمان لێ قەدەغە کراوە (داوای بنیامین دەکەن) مۆڵەتی بدە لەگەڵماندا با بێت تا کێشانەمان بۆ بکەن (بەڵێن بێ) ئێمە دەیپارێزین.

قَالَ هَلْ آمَنُكُمْ عَلَيْهِ إِلاَّ كَمَا أَمِنتُكُمْ عَلَى أَخِيهِ مِن قَبْلُ فَاللّهُ خَيْرٌ حَافِظًا وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (64)

(یەعقوبی باوکیان) وتی: هەروا متمانەتان پێ بکەم هەروەك پێشتر متمانەم پێ کردن بەرانبەر (یوسف)ی برای؟! بەڕاستی خوا چاکترین پارێزەرەو هەر ئەو لە هەموو میهرەبانان میهرەبانترە.

وَلَمَّا فَتَحُواْ مَتَاعَهُمْ وَجَدُواْ بِضَاعَتَهُمْ رُدَّتْ إِلَيْهِمْ قَالُواْ يَا أَبَانَا مَا نَبْغِي هَذِهِ بِضَاعَتُنَا رُدَّتْ إِلَيْنَا وَنَمِيرُ أَهْلَنَا وَنَحْفَظُ أَخَانَا وَنَزْدَادُ كَيْلَ بَعِيرٍ ذَلِكَ كَيْلٌ يَسِيرٌ (65)

کاتێ کە کەل وپەل وبارووبنەکانیان کردەوە بینیان هەرچی شتومەکیانە هەر ئەوە خراوەتەوە بارەکانیان و گەڕێنراوەتەوە بۆیان، (ئینجا باوکیان بانگ کردو) وتیان: باوکی بەڕێزمان ئێمە چی بکەین، چی بڵێین (لە بەرانبەر ئەو پاشا بەڕێزەوە) ئەوەتە هەرچی کەلوپەلمانە گەڕێنراوەتەوە بۆمان.. (ئەگەر تۆ مۆڵەتی بنیامین بدەی) ڕزق و ڕۆزیی زۆر دەهێنین بۆ کەسوکارمان، براکەشمان دەپارێزین و باری وشرێکیش زیاتر دەهێنین، ئەو بارە بۆ پاشا شتێکی ئاسانەو (پێشی خۆشە).

قَالَ لَنْ أُرْسِلَهُ مَعَكُمْ حَتَّى تُؤْتُونِ مَوْثِقًا مِّنَ اللّهِ لَتَأْتُنَّنِي بِهِ إِلاَّ أَن يُحَاطَ بِكُمْ فَلَمَّا آتَوْهُ مَوْثِقَهُمْ قَالَ اللّهُ عَلَى مَا نَقُولُ وَكِيلٌ (66)

(یەعقوب) وتی: هەرگیز لەگەڵتانینانێرم هەتا پەیمانێکی خواییم پێ نەدەن کە بیهێننەوە بۆلام، مەگەر هەر هیچ دەسەلاتان نەمێنێ و لە تواناتاندا نەبێ، کاتێ کە پەیمانەکەیان دایەو (سوێندیان بۆ خوارد) (یەعقوب) وتی: خوا خۆی ئاگادارو چاودێرە بەو پەیمانەی کە بڕیارمان لەسەر داوە.

وَقَالَ يَا بَنِيَّ لاَ تَدْخُلُواْ مِن بَابٍ وَاحِدٍ وَادْخُلُواْ مِنْ أَبْوَابٍ مُّتَفَرِّقَةٍ وَمَا أُغْنِي عَنكُم مِّنَ اللّهِ مِن شَيْءٍ إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ (67)

هەروەها وتی: کوڕەکانم (هەمووتان) لەیەك دەروازەوە مەچنە ژوورەوە، بەڵکو لەچەند دەرگایەکەوە خۆتان بکەن (بە بارەگای پاشادا)، (دڵنیاش بن کە) من هەیگیز ناتوانم (لەو بەڵاو پێشهاتانەی کە بڕیاری خوای لەسەرە) فریاتان بکەوم، هەرچی پێش بێ و هەموو فەرمان و هەموو بڕیارێك هەر بە دەست خوایە، پشتم هەر بەو بەستووەو پشت و پەنام هەر ئەوە، دەبا ئەوانەی پاڵ پشت و پشتیوانیان دەوێ هەر پشت بەو ببەستن.

وَلَمَّا دَخَلُواْ مِنْ حَيْثُ أَمَرَهُمْ أَبُوهُم مَّا كَانَ يُغْنِي عَنْهُم مِّنَ اللّهِ مِن شَيْءٍ إِلاَّ حَاجَةً فِي نَفْسِ يَعْقُوبَ قَضَاهَا وَإِنَّهُ لَذُو عِلْمٍ لِّمَا عَلَّمْنَاهُ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لاَ يَعْلَمُونَ (68)

کاتێك هەروەك باوکیان پێی وتبوون و فەرمانی پێ دابوون چوونە ناو (بارەگای پاشا) وەنەبێ بتوانێ هیچ فریایان بکەوێ و (لە شتێك ڕزگاریان بکات کە بڕیاردادەی خوای لەسەرە، بەڵکو ئەو ڕێنموونیە) تەنها پێداویستیەکی دەروونی

یەعقوب خۆی بوو حەزی کرد ڕای بگەیەنێ، بەڕاستی (یەعقوب) خاوەنی زانست بوو دەربارەی ئەو شتانەی فێرمان کردبو، بەڵام زۆربەی خەڵکی (ڕاستیەکان) نازانن.

وَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَخَاهُ قَالَ إِنِّي أَنَاْ أَخُوكَ فَلاَ تَبْتَئِسْ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (69)

کاتێک کە چوونە ژوورەوە بۆلای یوسف، (بنیامین)ی برای هێنایە پاڵ خۆی و پێی وت: من (یوسف)ی براتم، خەفەت مەخۆو خەمت نەبێ لەو هەڵس و کەوتەی ئەوان دەیکەن (چونکە من نەخشەم کێشاوە تا تۆ لێرە بهێڵمەوە).

فَلَمَّا جَهَّزَهُم بِجَهَازِهِمْ جَعَلَ السِّقَايَةَ فِي رَحْلِ أَخِيهِ ثُمَّ أَذَّنَ مُؤَذِّنٌ أَيَّتُهَا الْعِيرُ إِنَّكُمْ لَسَارِقُونَ (70)

کاتێ کە باروبنەیان بارکردو (خۆراک و دانەوێڵەی پێویستی) پێ بەخشین جامۆڵکەی کێشان و پێوانی خستە ناو باری (بنیامین)ی برایەوە، پاشان بانگکەرێك بانگی کردن، ئەی کاروانچییان ئێوە دزیتان کردووە؟!.

قَالُواْ وَأَقْبَلُواْ عَلَيْهِم مَّاذَا تَفْقِدُونَ (71)

(بەپەلە گەڕانەوەو) هاتن و وتیان: چی دیار نیە؟ چیتان لێ ون بووە؟.

قَالُواْ نَفْقِدُ صُوَاعَ الْمَلِكِ وَلِمَن جَاء بِهِ حِمْلُ بَعِيرٍ وَأَنَاْ بِهِ زَعِيمٌ (72)

(کارمەندان) وتیان: جامۆڵکەو دەفری پاشا دیار نیە، هەرکەس بیهێنێ (پێش ئەوەی بارەکەیان بگەڕێین) بارێکی وشتری پێ دەبەخشین (لێپرسراویان وتی من دەبمە زامنی (ئەو بەڵێنە).

قَالُواْ تَاللّهِ لَقَدْ عَلِمْتُم مَّا جِئْنَا لِنُفْسِدَ فِي الأَرْضِ وَمَا كُنَّا سَارِقِينَ (73)

هەموو وتیان: سوێندمان بەخوا، خۆ ئێوە چاک دەزانن کە ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین کە فەسادو خراپە لە زەویدا بکەین وە ئێمە هەرگیز دزی ناکەین.

قَالُواْ فَمَا جَزَآؤُهُ إِن كُنتُمْ كَاذِبِينَ (74)

(کارمەندان) وتیان: باشە ئەی پاداشتی (ئەو دزە) چیە ئەگەر درۆتان کرد و (دزییەکەتان دەرکەوت).

قَالُواْ جَزَآؤُهُ مَن وُجِدَ فِي رَحْلِهِ فَهُوَ جَزَاؤُهُ كَذَلِكَ نَجْزِي الظَّالِمِينَ (75)

(براكانی یوسف) وتیان: پاداشتی ئەو كەسەی كە (دزراوەكە) لە بارەكەیدا دەدۆزێتەوە ئەوە پاداشتێتی (كە بریتیە لەوەی بارمتەبێ لای خاوەنی شتە دزراوەكە)، ئێمە ئابەو شێوەیە تۆڵە لە ستەمكاران دەسێنین.

فَبَدَأَ بِأَوْعِيَتِهِمْ قَبْلَ وِعَاء أَخِيهِ ثُمَّ اسْتَخْرَجَهَا مِن وِعَاء أَخِيهِ كَذَلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِي دِينِ الْمَلِكِ إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللّهُ نَرْفَعُ دَرَجَاتٍ مِّن نَّشَاء وَفَوْقَ كُلِّ ذِي عِلْمٍ عَلِيمٌ (76)

(ئینجا یوسف فەرمانی دا) كە دەست بكەن بە گەڕان بە بارەكاندا پێش ئەوەی باری (بنیامین)ی برای بپشكنن، لەوەدوا لەباری براكەیدا دەریان هێنا، ئابەو شێوەیە یوسفمان فێری (نەخشەی گلدانەوەی براكەی كرد)، نەدەكرا بە گوێرەی بەرنامەی پاشا براكەی گل بداتەوە (بەڵام بە شەریعەت و یاسای خۆیان توانی گلی بداتەوە)، ویستی خوای گەورەش هەر وابوو، بەو شێوەیە پلەوپایەی هەر كەس كە بمانەوێ بەرزو بڵندی دەكەینەوە، وە لە سەروو هەموو خاوەن و زانست و زانیاریەكەوە زاناو شارەزاتر هەیە.

قَالُواْ إِن يَسْرِقْ فَقَدْ سَرَقَ أَخٌ لَّهُ مِن قَبْلُ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفْسِهِ وَلَمْ يُبْدِهَا لَهُمْ قَالَ أَنتُمْ شَرٌّ مَّكَانًا وَاللّهُ أَعْلَمْ بِمَا تَصِفُونَ (77)

(براكانی) وتیان: ئەگەر ئەم دزیی كردبێت، براكەشی كاتی خۆی دزی كردووە، یوسف ئەو (قسە ناڕەواو تۆمەتە ناقۆڵایەی لە دڵی خۆیدا هێشتەوەو لێی دەرنەكەوت و پێیان نەزانی كە سەغڵەتە)، ئەوسا پێی وتن: بەڕاستیی ئێوە (بەم ڕەفتارەتان) شوێنی خراپ بۆ خۆتان مسۆگەر دەكەن، خوا خۆی لە هەموو كەس زاناترە بەوەی كە دەیڵێن و باسی دەكەن.

قَالُواْ يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ إِنَّ لَهُ أَبًا شَيْخًا كَبِيرًا فَخُذْ أَحَدَنَا مَكَانَهُ إِنَّا نَرَاكَ مِنَ الْمُحْسِنِينَ (78)

(ئینجا) وتیان: جەنابی پاشا، ئەم كوڕە باوكێكی پیری بەساڵاچووی هەیە، یەكێك لە ئێمە لەجیاتی ئەو گل بدەرەوە، چونكە بەڕاستی ئێمە، تۆ بە پیاوچاك و چاكەخواز دەزانین.

قَالَ مَعَاذَ اللّهِ أَن نَّأْخُذَ إِلاَّ مَن وَجَدْنَا مَتَاعَنَا عِندَهُ إِنَّآ إِذًا لَّظَالِمُونَ (79)

(یوسف) وتی: پەنا بەخوا (ئەگەر هەڵەی وا بکەین) تەنها ئەو کەسە گل نەدەینەوە کە شتومەکەکەمان لەلای دۆزیوەتەوە، (ئەگەر وا نەکەین) ئەوە ئیتر ئێمە لە ڕیزی ستەمکاراندایین.

فَلَمَّا اسْتَيْأَسُواْ مِنْهُ خَلَصُواْ نَجِيًّا قَالَ كَبِيرُهُمْ أَلَمْ تَعْلَمُواْ أَنَّ أَبَاكُمْ قَدْ أَخَذَ عَلَيْكُم مَّوْثِقًا مِّنَ اللّهِ وَمِن قَبْلُ مَا فَرَّطتُمْ فِي يُوسُفَ فَلَنْ أَبْرَحَ الأَرْضَ حَتَّىَ يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ (80)

کاتێك کە ئیتر نائومێد بوون (لە پاشا، لەکەنارێکەوە) دەستیان کرد بە چپەو ڕا گۆڕینەوە (لەنێوان یەکدا)، کوڕە گەورەکەیان وتی: باشە، ئەی نازانن (بیرتان چوو) کە باوکتان پەیمانی لێ وەرگرتوون و خوایشی (کردووە بە شایەت بەسەرتانەوە)، پێشتریش ئاشکرایە کە چێتان کرد بە یوسف و (پیلانتان گێڕا دژی)، ئیتر من هەرگیز ئەم سەرزەمین و وڵاتە بەجێ ناهێڵم هەتا بوکم مۆڵەتم نەدات، یاخود خوا فەرمانێك بدات لە (قازانجم بێت) چونکە ئەو خوایە چاکترینی فەرمانڕەوایانە.

ارْجِعُواْ إِلَى أَبِيكُمْ فَقُولُواْ يَا أَبَانَا إِنَّ ابْنَكَ سَرَقَ وَمَا شَهِدْنَا إِلاَّ بِمَا عَلِمْنَا وَمَا كُنَّا لِلْغَيْبِ حَافِظِينَ (81)

بگەڕێنەوە بۆلای باوکتان و پێی بڵێن: ئەی باوکی (بەڕێزمان) کوڕەکەت دزی کردو ئێمە شایەت بووین و (بە بەرچاومانەوە دزراوەکەیان دەرهێنا) ئێمە هەر ئەوەندە دەزانین، ئێمە لە غەیب و شاراوە نهێنیەکان شارەزانین و (نازانین ئەو کوڕە بۆ وای کرد).

وَاسْأَلِ الْقَرْيَةَ الَّتِي كُنَّا فِيهَا وَالْعِيْرَ الَّتِي أَقْبَلْنَا فِيهَا وَإِنَّا لَصَادِقُونَ (82)

حەز دەکەی) لەو شارو دێیەش بپرسە کە ئێمەی لێ بووین، لەو کاروانەش بپرسە کە ئێمەی تیابووین (بۆ دەرخستنی ڕاستی و درۆمان) ئێمە بە دڵنیاییەوە ڕاست دەڵێین و ڕاستگۆین.

قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (83)

(کە گەیشتنەوە لای باوکیان و بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕایەوە) وتی: (بڕوا ناکەم دیسانەوە خۆتان پیلانێکی ترتان ڕێکخستووە، (چارم نیە) جگە لەوەی زۆر

بەجوانی دان بەخۆدا بگرم، بەڵکو ئەمە خوایە پەروەردگار هەموویانم بۆ بێنێتەوەو (بە هەموویان شاد ببم)، بەڕاستی ئەو زاتە زۆر زاناو دانایە.

وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ (84)

(ئەوسا چووە کەنارێکەوە) و لێیان دوور کەوتەوەو (بەدەم هەناسەی ساردو ئەسرینەوە) وتی: داخم ناچێت بۆ یوسفی (نازدارم) لەدڵم دەرناچێت یوسفی (جوان خاس و خواناسم) ئەوەندە گریاو فرمێسکی هەڵوەراند چاوەکانی سپی هەڵگەڕاو ئاوی سپی تێزاو بینینی نەما، چونکە ئەو ناخوداخ و خەفەت و ئێشی هەبوو، (لەداخی ئەم کوڕانەی کە زوو یوسفیان ون کردو ئێستەش بوون بەهۆی ون بوونی بنیامین و کوڕە گەورەکەشی).

قَالُواْ تَالله تَفْتَأُ تَذْكُرُ يُوسُفَ حَتَّى تَكُونَ حَرَضًا أَوْ تَكُونَ مِنَ الْهَالِكِينَ (85)

(کوڕەکان بەزەییان بە باوکیاندا هاتەوەو) وتیان: بەخوا بابە تۆ هەر باسی یوسف دەکەیت و ناوی دەبەیت تا وات لێدێت پەکت دەکەوێت یاخود تیا دەچیت.

قَالَ إِنَّمَا أَشْكُو بَثِّي وَحُزْنِي إِلَى اللّهِ وَأَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (86)

(لەوەڵامیاندا) وتی: من باسی داخو خەفەت و غەم و پەژارەم هەر بۆ خوا، پەروەردگاری (ئازیزم) دەبەم، ئەوەی من دەیزانم دەربارەی خوا (لە نەخشەو حیکمەتەکانی، لە پێشهات و ڕووداوەکانی) ئێوە نایزانن.

يَا بَنِيَّ اذْهَبُواْ فَتَحَسَّسُواْ مِن يُوسُفَ وَأَخِيهِ وَلاَ تَيْأَسُواْ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِنَّهُ لاَ يَيْأَسُ مِن رَّوْحِ اللّهِ إِلاَّ الْقَوْمُ الْكَافِرُونَ (87)

(دوای چەند ڕۆژێك یەعقوب فەرمانی دا بەکوڕەکانی و وتی:) کوڕەکانم بچنەوەو گوێ هەڵخەن بۆ یوسف و براکەی، لە سۆزو میهرەبانی خواش نائومێد مەبن، چونکە بەڕاستی کەس نائومێد نابێ لە سۆزو میهرەبانی خوا جگە لەکەسانی خوانەناس و بێ باوەڕ.

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَيْهِ قَالُواْ يَا أَيُّهَا الْعَزِيزُ مَسَّنَا وَأَهْلَنَا الضُّرُّ وَجِئْنَا بِبِضَاعَةٍ مُّزْجَاةٍ فَأَوْفِ لَنَا الْكَيْلَ وَتَصَدَّقْ عَلَيْنَآ إِنَّ اللّهَ يَجْزِي الْمُتَصَدِّقِينَ (88)

کاتێ کە (گەیشتنە میسرو) چوونە (بارەگای یوسف) وتیان: جەنابی پاشا ئێمەو کەسوکارمان تووشی نەهاتیی و گرانیی و کوێرەوەریی بووین، کەلوپەلێکی

تێکەڵ و پێکەڵ و بێ نرخیشمان هێناوە، داواکارین کە (چیمان پێویستە) بۆمان بکێشی و خێریشمان پێ بکەی، بێگومان خوا پاداشتی خێرخوازان دەداتەوە.

قَالَ هَلْ عَلِمْتُم مَّا فَعَلْتُم بِيُوسُفَ وَأَخِيهِ إِذْ أَنتُمْ جَاهِلُونَ (89)

(ئینجا یوسف زانی کاتی ئەوە هاتووە خۆی بناسێنێت بۆیە) وتی: ئایا بیرتانە کاتی خۆی چیتان کرد بە یوسف و بە براکەی، کاتێ ئێوە نەفام بوون و (ترسی خواتان لەدڵدا نەبوو).

قَالُواْ أَإِنَّكَ لَأَنتَ يُوسُفُ قَالَ أَنَاْ يُوسُفُ وَهَذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَن يَتَّقِ وَيِصْبِرْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ (90)

(هەموو بەسەرسوڕمانەوە چاویان ئەبڵەق بوو سەرنجیان داو) وتیان: بەڕاست بۆچی تۆ یوسفیت؟!، وتی: بەڵێ من یوسفم و ئەمەش (بنیامین)ی برامە، خوای (میهرەبان) ڕیزی لێناوین و بەهرەمەندی کردووین، ئەوەی خۆپارێزبێ (لە گوناه) خۆگربێ (لەبەرانبەر پێشهاتەکانەوە، بەڕاستی خوای گەورە دەرووی لێ دەکاتەوە) چونکە خوا پاداشتی چاکەکاران و چاکەخوازان بەزایە نادات.

قَالُواْ تَاللّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللّهُ عَلَيْنَا وَإِن كُنَّا لَخَاطِئِينَ (91)

(ئینجا براکانی) وتیان: سوندمان بەخوا بەڕاستی خوای گەورە ڕێزی تۆی داوە بەسەر ئێمەدا، ئێمە کاتی خۆی بەهەڵەدا چووین و گوناهبارین.

قَالَ لاَ تَثْرَيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ (92)

(یوسف) وتی: خەمتان نەبێ ئەمڕۆ ئیتر هیچ سەرزەنشتێکتان ناکەم، خوا لێتان خۆش بێ، بێگومان ئەو زاتە لە هەموو میهرەبانان میهرەبانترە.

اذْهَبُواْ بِقَمِيصِي هَذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ (93)

(یوسف هەواڵی باوکی پرسی، کە زانی نابیان بووە، پێی وتن) بچن و ئەم کراسەم بەرن و بیدەن بە سەرو ڕووی باوکمدا بینای بۆ دەگەڕێتەوە و چاوی چاک دەبێتەوە، پاشان هەموو کەسوکارتانم بۆ بێنن.

وَلَمَّا فَصَلَتِ الْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلاَ أَن تُفَنِّدُونِ (94)

کاتێ کاروان ئاوەدانی بەجێهێشت و کەوتە ڕێ، باوکیان وتی من هەست بە بۆنی یوسف دەکەم ئەگەر بە بێهۆشم نەزانن.

قَالُواْ تَاللّهِ إِنَّكَ لَفِي ضَلاَلِكَ الْقَدِيمِ (95)

(ئەو کەسانەی کە لەلای بوون) وتیان: بەخوا تۆ هەر لەسەر خەیاڵە کۆنەکەی خۆتیت و (شوێنی کلاوی بابردوو کەوتوویت)!!

فَلَمَّا أَن جَاء الْبَشِيرُ أَلْقَاهُ عَلَى وَجْهِهِ فَارْتَدَّ بَصِيرًا قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ مِنَ اللّهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ (96)

کاتێ کە مژدەهێنەرەکە گەیشت و (کراسەکەی) دا بەسەرو دەموچاویدا، خێرا بینایی بۆ گەڕایەوە، چاوەکانی گەشایەوە، وتی: من پێم نەگوتن، ئەوەی من دەیزانم (دەربارەی ڕەحمەت و میهرەبانیی)، خوا ئێوە نایزانن.

قَالُواْ يَا أَبَانَا اسْتَغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنَا إِنَّا كُنَّا خَاطِئِينَ (97)

(دوای ماوەیەك کوڕەکان گەیشتن و هەموو شتێك ئاشکرا بوو) وتیان: ئەی باوکی بەڕێزمان داوای لێخۆشبوونمان بۆ بکە (لە خوای میهرەبان) بەڕاستی ئێمە گوناهکار بووین و بەهەڵەدا چووبووین.

قَالَ سَوْفَ أَسْتَغْفِرُ لَكُمْ رَبِّيَ إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ (98)

(باوکیان) وتی: لە ئایندەدا داوای لێخۆشبوونتان لە پەروەردگارم بۆ دەکەم، بەڕاستی ئەو زاتە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

فَلَمَّا دَخَلُواْ عَلَى يُوسُفَ آوَى إِلَيْهِ أَبَوَيْهِ وَقَالَ ادْخُلُواْ مِصْرَ إِن شَاء اللّهُ آمِنِينَ (99)

(کاتێ کە هەموویان گەیشتنە میسر) چوونە لای یوسف، باوک و دایکی هێنایە نزیکی خۆی و (ڕێزی زۆری بۆ دەربڕین، ئاخۆ چەندە دڵخۆش و کامەران بووبن، دوای ئەو ماوە دوورو درێژە بە کوڕی جوانکردارو خواناسیان شاد بوون، ئێستا پاشای میسرە)، پێی وتن: ان شاء الله، وە بەویستی خوا (بەیەکجاریی) وەرن بۆ میسرو لێرە نیشتەجێ ببن، بەوپەڕی شادیی و ئارامیی و کامەرانیی.

وَرَفَعَ أَبَوَيْهِ عَلَى الْعَرْشِ وَخَرُّواْ لَهُ سُجَّدًا وَقَالَ يَا أَبَتِ هَذَا تَأْوِيلُ رُؤْيَايَ مِن قَبْلُ قَدْ جَعَلَهَا رَبِّي حَقًّا وَقَدْ أَحْسَنَ بَي إِذْ أَخْرَجَنِي مِنَ السِّجْنِ وَجَاء بِكُم مِّنَ الْبَدْوِ مِن

بَعْدِ أَن نَّزغَ الشَّيْطَانُ بَيْنِي وَبَيْنَ إِخْوَتِي إِنَّ رَبِّي لَطِيفٌ لِّمَا يَشَاءُ إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (100)

پاشان دایك و باوكی هێنایه سەر تەختی پاشایەتی و حوكمڕانی خۆی، هەمووان كڕنوشیان بۆ برد (دیارە كە ئەوسا لە شەریعەتەكاندا دروست بووە و نیشانەی ڕێزو پێزانین بووە)، (یوسف كە ئەمەی دی) وتی: باوكی (بەڕێزم) ئەمە لێكدانەوەی خەوەكەی ئەوسامە (كە بەمناڵیی بینیم)، ئەوەتە پەروەردگارم هێنایەدی و بەحەقی گێڕا، ئەو زاتە بەڕەحم و بەسۆز بوو بۆم، لەزیندان ڕزگاری كردم، ئەوەتە ئێوەی لە بیابانەوە هێناوەو (بەیەك شادی كردینەوە) دوای ئەوەی شەیتان نێوانی من و براكانمی تێكدابوو، بەڕاستی ئەو زاتە زۆر زانایە (بەنهێنی و ئاشكرای دروستكراوەكانی) وە دانایە (بەنەخشەی ورد، هەرچی بیەوێ ئەنجامی دەدات).

رَبِّ قَدْ آتَيْتَنِي مِنَ الْمُلْكِ وَعَلَّمْتَنِي مِن تَأْوِيلِ الأَحَادِيثِ فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنتَ وَلِيِّي فِي الدُّنُيَا وَالآخِرَةِ تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ (101)

(ئینجا یوسف پێغەمبەر چووە كەنارەوەو دەستەكانی هەڵبڕێ ونزای كردو وتی:) پەروەردگارا تۆ پاشایەتیت پێ بەخشیم وە لە لێكدانەوەی خەو شارەزات كردم، ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی، تۆ پشت و پەناو یارو یاوەری منی لە دنیاو قیامەتدا، داواكارم كە بەموسوڵمانی بم مرێنی وە بمخەیتە ڕیزی پاكانەوەو بمگەیەنیت بە سەرفەرازان.

ذَلِكَ مِنْ أَنبَاء الْغَيْبِ نُوحِيهِ إِلَيْكَ وَمَا كُنتَ لَدَيْهِمْ إِذْ أَجْمَعُواْ أَمْرَهُمْ وَهُمْ يَمْكُرُونَ (102)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم ئەم بەسەرهات و سەرگوزەشتەیەی یوسف كە بۆمان ڕەوانە كردوویت) لە هەواڵ و بەسەرهاتە شاراوەكانە، خۆ تۆ لەلای (براكانی یوسف) نەبووی كاتێك كە بڕیاریان داو پیلانیان داڕشت.

وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ (103)

(دڵنیاش بە) كە زۆربەی خەڵكی باوەڕ ناهێنن، هەرچەندە تۆ زۆر بەتەنگەوە بیت و هەواڵ بدەیت و بكۆشیت.

وَمَا تَسْأَلُهُمْ عَلَيْهِ مِنْ أَجْرٍ إِنْ هُوَ إِلاَّ ذِكْرٌ لِّلْعَالَمِينَ (104)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) خۆ تۆ هیچ پاداشت و بەخششێکت لێیان ناوێ لەسەر گەیاندنی پەیامەکە، بەڕاستی ئەم قورئانە تەنها بریتیە لەوەی کە یادخەرەوەیە بۆ هەموو خەڵکی جیهان.

وَكَأَيِّن مِّن آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ (105)

چەندەها بەڵگەو نیشانە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەن (کە بەڵگەن لەسەر دەسەڵاتدارێتی و جوانکاریی خوای پەروەردگار) کەچی بەلایدا تێدەپەڕن و (طێنافکرن) و پشتی تێ دەکەن.

وَمَا يُؤْمِنُ أَكْثَرُهُمْ بِاللّهِ إِلاَّ وَهُم مُّشْرِكُونَ (106)

زۆربەی زۆری خەڵکی باوەڕ ناهێنن بە خوای (تاکو تەنها) بێ ئەوەی هاوەڵی بۆ بڕیار نەدەن (بێگومان ئیمان و باوەڕی وا هیچ نرخی نیەو خوای گەورە لەو تاوانە خۆش نابێ).

أَفَأَمِنُواْ أَن تَأْتِيَهُمْ غَاشِيَةٌ مِّنْ عَذَابِ اللّهِ أَوْ تَأْتِيَهُمُ السَّاعَةُ بَغْتَةً وَهُمْ لاَ يَشْعُرُونَ (107)

ئایا ئەوانە لەوە ئەمینن و ناترسن کە سزایەکی خوایی هەموویان بگرێتەوەو (لەناویان بەرێ)، یاخود کوتوپڕ قیامەت بەرپا ببێ و ئەوان هەست بە (نزیکی بەرپابوونی نەکەن).

قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللّهِ وَمَا أَنَاْ مِنَ الْمُشْرِكِينَ (108)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم! تۆ) بڵێ: ئا ئەمە ڕێگەو ڕێبازمە: من و شوێنکەوتوانم (کە بریتیە لە) بانگکردن بۆلای خوای پەروەردگار لەسەر (بنچینەو بناغەیەکی) ڕوون و ئاشکرا، پاکیی و بێگەردیی و ستایش بۆ زاتی پەروەردگارە، من هەرگیز لە موشریك و هاوەڵپەرستان نیم.

وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ إِلاَّ رِجَالًا نُّوحِي إِلَيْهِم مِّنْ أَهْلِ الْقُرَى أَفَلَمْ يَسِيرُواْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَدَارُ الآخِرَةِ خَيْرٌ لِّلَّذِينَ اتَّقَواْ أَفَلاَ تَعْقِلُونَ (109)

ئێمە پێش ڕەوانەکردنی تۆش هەر پیاوانمان هەڵبژاردووە لە خەڵکی شارو شوێنەکان و ڕەوانەمان کردوون (نەک فریشتە) وەحی و نیگاشمان بۆ ناردوون

(تا پەیامی ئێمە بە ڕوونی بگەیەنن)، ئایا ئەوە نەگەڕاون بەسەر زەویدا، تا تەماشا بکەن و سەرنج بدەن کە چۆن بوو سەرئەنجامی ئەوانەی پێش ئەمان (کاتێك یاخی بوون)، بێگومان جێگەو ڕێگەو خانووبەرەی بەهەشت لە قیامەتدا چاکترە بۆ ئەوانەی کە خواناس و پارێزکارن، ئایا ئەوە عەقڵ و ژیریتان ناخەنە کار.

حَتَّى إِذَا اسْتَيْأَسَ الرُّسُلُ وَظَنُّواْ أَنَّهُمْ قَدْ كُذِبُواْ جَاءهُمْ نَصْرُنَا فَنُجِّيَ مَن نَّشَاء وَلاَ يُرَدُّ بَأْسُنَا عَنِ الْقَوْمِ الْمُجْرِمِينَ (110)

(ئەی پێغەمبەر وا مەزانە کە ئەم ڕێگەیە بە گوڵ و گوڵزار چێنراوە، بەڵکو پڕە لە ناخۆشیی و ئازارو بەرنامەی خوا) وە گومانیان بۆ دروستبووەو وایان زانیوە کە ئیتر بەدرۆ خراونەتەوەو (شایستەی سەرکەوتن نین، ئا لەو کاتەدا) سەرکەوتنی (تایبەتی)یان پێ دەبەخشین، ئەوسا ئەوەی بمانەوێ و (شایستە بێ) ڕزگاری دەکەین، (وە کەس نیە بتوانێ) تۆڵەی توندو تیژی ئێمە لەکەسانی تاوانبارو تاوانکار دوور بخاتەوەو بەرپەرچی بداتەوە.

لَقَدْ كَانَ فِي قَصَصِهِمْ عِبْرَةٌ لِّأُوْلِي الأَلْبَابِ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَى وَلَكِن تَصْدِيقَ الَّذِي بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ (111)

بەڕاستی لە سەرگوزەشتەو بەسەرهاتی پێغەمبەراندا پەندو ئامۆژگاری هەیە بۆ کەسانی ژیرو هۆشمەند، وە نەبێ قسەو باسی دەست هەڵبەست بێ، بەڵکو لەلایەن کتێبە پێشوەکانەوە (وەکو تەورات و ئینجیل) پەسەندکراوە، وە ڕوونکردنەوەی هەموو شتێکی تیا دیاریکراوە، وە هیدایەت و ڕێنموویی و ڕەحمەتە بۆ کەسانێ کە باوەڕ دەهێنن.